حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٢٠٧٥٦ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(I SO9001:2015)

العدد:
التاريخ: ٢٠٢/٥/٢/١٢

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی **٢٠٢١** و ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ و ئاماژە بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٧٦٩٥ لە ٢٠٢٤/٥/٢٥) و پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٧٩ ی ساڵی ٢٠١٦) و بەمەبەستی هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی (تەواو کارەبایی) بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە و کەمکردنەوەی ئاساوارەکانی پیسبوونی ژینگە.

**بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:**

**ماددەی یەکەم:**

زیادکردنی بڕگەی ١٠ لە ماددەی (١) لە ڕێنمایی ژمارە (٧ی ساڵی ٢٠٢١) و بەم شێوەیە:

**١٠- ئۆتۆمبیلی کارەبایی تەواو:** سوارۆیەکە بە هێزی ماتۆرێکی کارەبایی یان زیاتری خۆپاڵنەر و بەپاتری کاردەکات و بارگاوی دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٦) لە ماددەی (٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٧ی ساڵی ٢٠٢١) و بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

٦-

أ- تۆمارکردنی یەکەمین جار بۆ ئۆتۆمبیلی (تەواو کارەبایی) بێ بەرامبەری دارایی و بێ وەرگرتنی بڕەپارەی یاسایی ساڵانەی ژینگە.

ب-گشت تێچووی داراییە یاساییەکان و کرێیە کارگێڕییەکانی دیکەی هاتوو لە هەر بڕیارو ڕێنمایی و بەیانێک تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل بۆ ئۆتۆمبیلی (تەواو کارەبایی) وەردەگیرێت جگە لە بڕگەی (أ) ی سەرەوە.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١٦وە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ : -**

- نوسینگەی بەرێز وەزیر/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێز ڕاوێژکاری یاسایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd

10/ 02/ 2025
( burhan )